https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی (صابری)دا

پ. ی. د. محمد امین عبدالله

زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

mohammed.ameen@univsul.edu.iq

م. ی. هاوکار علی عبدالکریم

پەروەردەی کەرکووک بەشی زمانی کوردی

**پوختە:**

ناونیشـانی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە (چەنـد دیـاردەیەکی شـێوازی لە شـیعرەکانی صـابریدا)، صـابری یەکـێکە لەو شـاعیرانەی، کە شـیعرەکانی دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیکییەوە، بەڵام لە شیعرەکانیدا چەند دیاردەیەک بەرچاو دەکەون، کە دەرچوونن لە یاسا و ڕێساکانی شیعری کلاسیکی و لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دۆزینەوە و خستنەڕووی ئەو دیـاردانە کـراوە و ئەوە ڕوون کـراوەتەوە، کە ئەو دیـاردانە بـوونەتە تایبەتمەنـدیی شـیعرەکانی صـابری و شـێوازێکی تـایبەتن بەو و لە شاعیرەکانی تر جیای دەکەنەوە.

**وشە کلیلییەکان**: دیـاردە، شـێواز، صـابری، دووبـارەکردنەوە، وشـەی کلیلی.

## چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعرەکانی (صابری)دا

### پێشەکی

**ناونیشـــانی تــوێژینەوەکە:** ئەگەر چاوێـک بە دیـوانەکەی صـــابریدا بخشـێنین و بە وردی سـەرنجی شـیعرەکانی بـدەین، کۆمەڵێک دیـاردەی جیـاواز و سەرنجڕاکێشـمان بەرچـاو دەکەوێـت کە تـایبەتن بە شـێوازی شیعری صـابرییەوە و لە شـاعیرانی تـر جیایـدەکەنەوە، لەم تـوێژینەوەیەدا تیشکمان خستووەتە سـەر گرنگترین ئەو دیـاردانە، بۆیە توێژینەوەکەمـان ناو ناوە (چەند دیاردەیەکی شێوازی لە شیعری "صابری"دا).

**هـۆی هەڵبژاردنــی بــابەتەکە:** دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی شـیعرەکانی صابری دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیکیی کوردییەوە، شیعری کلاسـیکیی کـوردیش کۆمەڵێک یاسـا و ڕێسـای تـایبەت بە خـۆی هەیە و شــاعیران بە گشـتی پێوەیـان پابەنـدبوون، بەڵام صــابری بە شـێوەیەکی بەرچـاو لەو یاســا و ڕێســایانە لای داوە، لادان لەو یاســا و ڕێســایانەش بــووەتە لایەنێکــی گرنگــی شــێوازی شــیعری صـــابری و پێویســـتی بە توێژینەوە و ئاشکراکردن هەیە.

**ســنووری تــوێژینەوەکە:** ســنووری تــوێژینەوە تەنهــا شــیعرەکانی صابری دەگرێتەوە، بە تـایبەتی ئەو دەقە شیعرییانەی شـاعیر، کە تیایاندا یاسا و ڕێساکانی شیعری کلاسیکیی شکاندووە و پێیانەوە پابەندنەبووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتـۆدەی لەم تـوێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە، میتۆدی شێوازگەرییە، چونکە ئەم میتۆدە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکە و میکــانیزمی کــارکردن لەســەر شــیعرەکانی شــاعیر و لادانــی لە ڕێســا و یاساکانی شیعری کلاسیکیدا دەگونجێت و لە ڕێگەیەوە دەتـوانین شـێواز و تایبەتمەندیی شیعرەکانی شاعیر دەربخەین.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەیەک پێکهاتووە لەگەڵ چەند سەرەبابەتێکی تایبەت بە دیاردەی شیعری صابری، کە بریتین لە: دیاردەی بەکارهێنانی نازناو زیاد لە جارێک و هاوسەروا کردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعر و دیاردەی گۆڕینی دەنگ و دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازە لەگەڵ وشە کلیلییەکان. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو و لیستی سەرچاوەکان نوسراون.

## دەروازە(١)

### وشە و چەمکی شێواز:

سەبارەت بە وشەی شێواز دەکرێ بوترێت "زاراوەی شێواز(style) لە واتا ڕۆژئاواییەکەیدا پەیوەندیی هەیە بە واتا لاتینییەکەیەوە کە دروستبووە لە واتای وشەی (stylus) کە بە واتای (ڕیشاڵ) لە گریکدا (stylos) بە واتای (ستوون) دێت" (بن خویة، ٢٠١٣، ص٣١)، یان دەوترێت "لە وشەی (stylus) هاتووە، بە واتای (هەڵکۆڵەر) کە بەکاردێت لە نوسیندا، ئەمیش ڕێگایەکی نوسینە. بەکارهێنانی ئامرازی دەربڕینە لەلایەن نوسەرەوە لە پێناو مەبەستە ئەدەبییەکانیدا" (جیرو، ١٩٩٤، ص٩.)، هەڵبەتە ئەمە لە زمانی لاتینیدایە، کەواتە (style) زاراوەیەکی ئەدەبی ڕۆژئاواییە و لە وانەوە گواستراوەتەوە بۆ نەتەوەکانی تر.

لە زمانی کوردیدا وشەی (شێواز) بەرانبەر (Style) دانراوە، ئەم زاراوەیە لەلای کورد نوێیە، چونکە "لای کورد تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هەر وشەی (اسلوب)ی عەرەبی بۆ ئەم چەمکە بەکارهاتووە، بەڵام دوای هەڵمەتی بژارکردنی زمانی کوردی (بەتایبەت لە باشووری کوردستان) وشەی (شێواز) جێگەی وشە عەرەبییەکەی گرتووەتەوە" (چالی، ٢٠٠٨، ل٢١.)، عەرەبەکان (اسلوب)ی پێدەڵێن و لە ئەدەبیاتی فارسیشدا (سبک) بەکاردێت. وشەی (شێواز) لە فەرهەنگدا بە چەند واتا و شێوەیەک پیشاندراوە: لە (فەرهەنگی خاڵ)دا، بە واتای "شێوەی تایبەتی

نوسین یا قسەکردن (اسلوب)" (خاڵ، ١٩٨٧، ل٣٥١.) هاتووە، لە (هەنبانە بۆرینە)ی هەژاردا بەم واتایانە دەبینرێت "شکڵ و تەرح، ڕاهاتن، شێواز، هیئت و قیافە" (هەژار، (١٣٨٨ / ٢٠٠٩)، ل٥٠٢.) لە فەرهەنگی ئاسانیش بەم واژانە دیاریکراوە"أسلوب: شێواز، شێوە و جۆر، چەشن"( ئاکۆ فاتیح، ٢٠٠٤، ل٣١.) لە (ئۆکسفۆرد)ی سەلام ناوخۆشیش بەم شێوەیە"شێواز، أسلوب، طراز، style ،design" (ناوخۆش، ٢٠١٢، ل١٤١). بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە وشەی شێوازە وەک زاراوەیەک و وەک زانستێک، کە لەلایەن لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوایی کاری لەسەر کراوە و سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، ئەم سەرهەڵدانەش هەر لە خۆوە نەبووە، بەڵکو "دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هات، بەتایبەتی لە شۆڕشە زمانەوانییەکەی فردیناند دی سۆسێر (١٨٥٧_١٩١٣)، کە لە دواییدا لەسەر دەستی چارلس بالی قوتابی دی سۆسێر، بووە مایەی لەدایکبوونی زانستی شێواز یان شێوازگەریی. واتە چارلس بالی (١٨٦٥_١٩٤٧) داهێنەری ئەم زاراوەیەیە و دامەزرێنەری زانستی شێوازە لە زمانەوانیدا" ( ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٤) و وەک ڕێبازێکی سەربەخۆ ناساندی و بوو بە زانستی شێواز و شێوازگەری کە (stylistic)ی پێدەوترێت.

دەربارەی پێناسەی شێواز، لەبەرئەوەی شێواز لەگشت بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەیە. تیۆرییەک و بۆچوونێکی وەها نییە تا بتوانێت هەموو ئەو پێناسانەی دەربارەی شێواز هەن لەخۆی کۆبکاتەوە و هەموو لایەک لەسەری کۆکبن و ڕێکبکەون، بەڵام دامەزرێنەری زانستی شێواز (چارلس بالی) شێوازی وەها پێناسە کردووە "شێوازی گوزارشت کردن، ئەو زانستەیە کە لە ناوەڕۆکە هەستییەکانی گوزارشتی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە، واتە گوزارشت کردن لە واقیعی هەست و سۆزی مرۆڤ لە میانی زمانەوە دیسان لە میانی هەست و سۆزیشەوە گوزارشت لە واقیعی زمان دەکرێت" (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٥)، هەر بالی لە

پێناســەیەکی تــردا دەڵێــت: "کۆمەڵێــک ڕەگەزی زمــانەوانییە کە لەڕووی سۆزەوە کاریگەری دەبێت بۆ سەر گوێگر یا خوێنەر" (بن خوية، ٢٠١٣، ص ٣٤) ، کەواتە بـالی زیـاتر گرنگـی بە زمـانی وتـراو و لایەنـی ویژدانـی داوە نەک زمــانی نوســراو، بــۆیە شــێوازگەری لای بــالی مەبەســتێکی زمـانەوانی هەبـووە. بەڵام (جـان کۆهین) شـێواز دەگەڕێنێتەوە بـۆ زمـانی نووسـین و دەڵێـت: "یەکەم شـت کەوا ئەم شـیکردنەوەی لەسـەر بونیـات دەنرێــت، ئەوەیە کە شــاعیر نادوێــت وەک ئەوەی کە هەمــوو خەڵکــی دەدوێـت، بەڵکـو زمـانەکەی شـازە، ئەم شـازییە شـێوازێکی پـێ دەدات. شیعرییەت زانستی شێوازی شیعرییە" (بن خوية، ٢٠١٣، ص ٣٨)، بەم پێیە شــێواز لەو ڕووەوە لە دەق دەکــۆڵێتەوە، کە لە زمــانی ئاســایی جیــایە. (ڕیڤـاتێر) پێناســەیەکی تـر پێشـنیاز دەکـات و دەڵێـت: "شـێوازی ئەدەبـی بریتییە لە فۆڕمی هەموو نوسراوێکی تاکەکەسی، کە بە مەبەستی ئەدەبی داڕێژرابێت، ئەمەش شـێوازی نوسـەرەکە و کـارە ئەدەبییەکە دەردەخـات. ڕیڤاتێر وای دەبینێت کە زمان گوزارشت دەکات و شێوازیش بەرجەستەی دەکات" (ئەسوەد، ٢٠١١، ل٥٨)، واتە لای کۆهین شـێواز لە زمـانی نوسـینی دەقـی ئەدەبیـدا خـۆی دەبینێـتەوە. نوسـەری فەڕەنسـی (کۆنـت بوفـۆن) لە پێناسـە بەربڵاوەکەیدا دەڵێت: "شـێواز بـریتییە لە مـرۆڤ خـۆی" (ئەسـوەد، ٢٠١١، ل ٥٧). ئەدیبـی فەڕەنســی (مارسـیل برۆســت) وای دەبینێــت "ئەو شــوێنپەنجانەیە، کە داڕشــتنی گوتــار لە خۆیــان هەڵــدەگرێت، وەکــو ئەو گەواهییەی لێدێت، کە ناسـرێتەوە" (د. ئیـدریس عەبـدوڵڵا مسـتەفا، ٢٠١٠، ل١٣)، کەواتە کــۆی پێناســەکان لەوەدا یەکــدەگرنەوە، کە پەیوەســتە بە چۆنیەتیی نوسینی دەق لەلایەن نوسەرەوە.

لای کـوردیش، لە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو (شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح) زنجیـرە وتـارێکی ئەدەبـی نوسـیوە و لە باسـی (اسـلوب چـیە)دا، پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت: "اسلوب بە او گرزی مخصوصی بیانە الین کە هر خطیبیک یاخود هر محرریک اوی لە دماغیایەتی افادەی اکات،

همـو خطيبيـك مالـك گرزيكـى مخصوصـى بيـانە معلـومە كە همـو كـس مخصـوص خـوى چنـد حركـاتيكى هـيە هلسـانى، دانيشـتنى، خـواردنى، خواردنەوەی، وتنى هموى يک لە يک جياوازن" (م. نورى، ١٩٢٦، ل٢)، يان دەوترێت "ستايل دەنگ و ئاوازەی خودی نوسـەرە، تايبەتە بە كەسـايەتيى ئەوەوە، وەک پێكەنينـى، ڕۆيشـتنى، دەسـنووس و تەعبيـرى دەم و چـاوى، ستايڵ خودی كەسـەكە – هونەرمەندەكەيە"(هاڵبيرگ و دانەرانى تر، ٢٠١٠، ل١٧٩) ئەم دوو ناسـينە درێژەپێـدەر و پاڵپشـتى پێناسـەكەی بۆفـۆنن كە دەڵێت: (شێواز مرۆڤەكە خۆيەتى). چونكە هەمـوو هەڵسـوكەوتێكى مـرۆڤ شـێوازێكە و كەسـايەتييەكەی ديـاريـدەكەن، هەروەک شـێخ نـوورى و بوفۆنيش هەمان مەبەست و پەيامیان هەيە.

سـەبارەت بە پەيوەنـديى شـێوازگەريش بە ڕەوانبێـژييەوە "هەر وەكـو لێكـۆڵەرانى شـێوازگەرى تەماشـاى دەكەن لەدايكبـووى ڕەوانبێـژى و شـوێنگرەوەی ڕاسـتەوخۆيەتى يـان ڕەوانبێـژى نـوێيە" (بودوخـة، ٢٠١١، ص٧) بۆيە لەم ڕووەوە دەوترێت "گرنگى بالى لەوەدايە كە بۆ يەكەمجار لە مێژووى ڕۆشنبيرى ڕۆژئاوادا دەستيكرد بە گواستنەوەی لێكۆڵينەوەی ڕەوانبێژى بۆ لێكۆڵينەوەی شێوازگەرى لەژێر كاريگەريى زمانەوانەكان لە ڕووى پڕۆگـرام و بيـرەوە بـۆ گۆڕەپـانى داهـاتوو. واى لێهـات كە پێناسـە دەكرا بە گۆڕەپانى لێكۆڵينەوەی شێواز يان شێوازگەرى" (عياشي، ٢٠٠٩، ص٣٠)، كەواتە شـێوازگەرى بە قۆنـاغى دواى ڕەوانبێـژى و جێگـرەوەی دادەنرێت.

مـاوەتەوە بڵێـين، شـێواز و شـێوازگەرى، دەكرێـت تـايبەت بێـت بە كەسێكەوە، كە هەندێ جار قوتابخانەيەكى بەناودەكرێت، وەک قوتابخـانەی چۆمسكى، قوتابخانەی بلوم فيلد، يا شێوازى قوتابخانەی نالى، يان تـايبەت بـێ بە سـەردەمێكەوە يـاخود نەتەوە و كـۆمەڵە كەسـێكەوە، هەمـوو ئەو پێناسـانەش لە سـێ ڕوانيـنەوە بـۆى دەچـن: (نوسـەر- دەق- خـوێنەر).

سەرجەمیشیان ڕاستی شێوازەکانیان نیشاندەدەن، کە چۆن ئەو نوسەرانە بیر و هرز و ئەندێشەیان لەو تێکستەدا پراکتیک دەکەن

**دیاردە شێوازییە سەرنجڕاکێشەکان لە شیعری صابریدا:**

گەر چاو بە دیوانەکەی صابریدا بخشێنین و سەرنجی شیعرەکانی بدەین، چەندین دیاردەی تایبەت لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، کە تایبەتن بە شیعرەکانی صابری و لادان و شکاندنی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبوون و شاعیرە کلاسیکییەکانی پێش ئەم بە وردی پێوەیان پابەند بوون. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو دیاردانە بوونەتە شێوازی شیعری صابری. بە گشتی گرنگترین ئەو دیاردانەش بریتین لە:

**یەک: دیاردەی بەکارهێنانی نازناو زیاد لە جارێک:**

مارف خەزنەدار لەبارەی نازناو (تخلص)ەوە دەڵێت: "نازناو (تخلص) یەکێکە لە کردەوەکانی شاعیری کورد، بریتییە لەوەی بە زۆری لە دێڕی دوایی، یان پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەییێک دا نازناوی خۆی تۆمار دەکرد" (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل ١٧٠ - ١٧١)، بەپێی ئەم وتەیەی خەزنەدار نازناو بە زۆری لە دێڕی کۆتایی یان دێڕی پێش کۆتایی شیعرەکەدا دەنوسرێت و تەنها یەک جار دەنوسرێت. بۆ نموونە لە بارەی نالییەوە، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابانە، دەوترێت "لە زۆربەی غەزەل و قەسیدەکانی نالی بەپێی دەستووری شیعری کلاسیکی لە دێڕی دواییدا نازناوی شاعیر تۆمار دەکرێت، بە زۆری ناوهێنانەکە لە دێڕی دوایی شیعرەکە دەبێ" (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ل ٥٧). بەڵام دەبینین یەکێک لەو دیاردە تایبەت و بەرچاو و زەق و دیارانەی لای صابریی شاعیر دەبینرێ،

دووبارەکردنەوەی (ناو ـ نازناو)ی خۆیەتی زیاد لە جارێک لە یەک شیعردا. ئەمەش بە شێوازێکی تایبەت و دیاری شاعیر دادەنرێت. واتە لێرەدا ئەوەی صابری لە شاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەم دیاردە شێوازییەیە، کە نەک جارێک و دووان، بەڵکو لە هەندێ شیعردا چوار جار (نازناو)ی خۆی هێناوە. بۆیە دەکرێت ئەم دیاردەیە بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی شێوازی شاعیر دابنرێت. هەرچەند شاعیرانی تری کلاسیک هەیانە، بەڵام بەم ڕێژەیەی صابری نییە. هەروەها هەندێک جاریش جگە لە نازناوەکەی، ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم دیاردە ناوازەیە تەواوی دیوانەکەیمان پشکنیوە و بەم جۆرە ئامارمان کردووە:

جگە لەناوی ڕاستەقینەی خۆی کە (نەجمەدین)ە، نازناوی (صابری) بەشێوەی (صابر/ صابری) لەم شیعرانەیدا لە شوێنی جیاجیادا لە شیعرێکدا چەندین جار هاتوون و دووبارەبوونەتەوە:

١ــ لە (٣٨) غەزەلیدا[٢] زیاتر لە جارێک نازناوی خۆی دووبارە کردووەتەوە. بۆ نمونە لە شیعری (نامورادی)دا، کە یازدە دێڕە، دەبینین لە چوار دێڕی کۆتاییی شیعرەکەدا چوار جار نازناوی خۆی نوسیوە، سەرەتای غەزەلەکە بریتییە لە:

*عەندەلیبی دڵ کە چاوی کەوتە غونچەی بامیداد*

دائما ویردی زوبانی بۆتە ئایەی (أن یکاد)

لە چوار دێڕی کۆتاییی ئەم غەزەلەدا دەڵێت (صابری. ٢٠١٦، ل٨٢ – ٨٣):

زیکر و فیکری ئەهلی دونیا نان و ئاشە (صابری)

یەعنی چی خۆ دوژمنیشیانە لە ئەسڵا نان و زاد

لەم نەخۆشی بێ دەوایە دادڕەس (صابر) خودایە

هیمەتێکە پایە پایە بێمەوە سەر ڕێی ڕەشاد

(صابری) عـومرت بــە زایع دا ئیتر وریا وەبە

عومری ڕابردوو قەزاکە بێرە سەر ڕێگەی ڕەشاد

(صابری) دونیا لــە تۆ بێزارە ئەمما مەیلی تۆ

هەر لە سەر ئەو ماوە بۆیە ناگری ڕێگەی ڕەشاد

٢. دوو لە شیعرە پارچەکانیشی، کە بریتین لە "چاوت بەکینایەت وتی پـێم" (صـابری. ٢٠١٦، ل١٤٦) و "ئەی جـوان" (صـابری. ٢٠١٦، ل١٩٣) هەمـان دیاردەیـان تێـدایە، کە چەنـد جارێـک نازنـاوی خـۆی دووبارەکردووەتەوە.

٣. لە شیعرە مەسنەوییەکانیشدا بەتایبەتی لە هەردوو شیعری "بە دڵ تیمـارکە" (صـابری. ٢٠١٦، ل٢٢٦) و "جەفـا و جەور" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٨)دا، هەروەها لە چوار شیعری دیکەیشیدا: شیعری: "بێ قیمەتی دونیا" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٤٩) و "بە دڵ تیمـارکە" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٦) و "جەفـا و جەور" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٨) و "نـامە" (صـابری. ٢٠١٦، ل ٢٣٨)، نەک هەر نازنـاو، بەڵکـو نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیشـی هێنـاوە، کە (نەجمەدین)ە، بۆ نموونە دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦،ل٤٩):

ڕوو لە قاپی حەزرەتی مەولاکە نەجمەدین ئەتۆ

روح و ماڵــت صـــەرفی ئەو

که بەڵکو دەسگیرت بکا

٤ــ لە یەک پێنجینەبەندیشــدا "بەنــوری لامیعــی حوســنت" (صــابری. ٢٠١٦، ل ٢٢٢)، لە کــۆپلەی (٦ و ٧ و ٨)دا، واتە ســێ جــار نازنــاوەکەی خۆی دووبارەکردووەتەوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی کۆی ئەو شـیعرانەی لە جارێک زیـاتر نازنـاوی خـۆی تیـا دووبـارەکردوونەتەوە (٤٣) شـیعرن، بەم پێـیە لە (١٨.٧٧%)ی کۆشیعرەکانی زیاتر لە جارێک نازناوەکەی تێدا دووبارەبووەتەوە. ئەمەش ڕێژەیەکـی زۆر بەرزە بـۆ دووبـارەکردنەوەی (نـاو و نازنـاو) لە شـیعردا، بێگومـــان ئەمەش شـــێوازێکە تـــایبەتە بە (صـــابری) و دیـــاردەیەکی سەرنجڕاکێشـە. لەو بـڕوایەداین بەکارهێنانەکەشـی بـۆ جەختکـردنەوەیە لە خۆی کە پابەندی شتێکی دیاریکراو بێت، یاخود زۆر جاریش بۆئەوە بووە کـێش و سـەروای شـیعرەکەی پـێ ڕێکبخـات، وەک لەم دێـڕەدا (صـابری. ٢٠١٦، ل٢٢٧) دەردەکەوێت:

*شێـواوم وێـنەی قەیسـی عـامری      نـاوم (<u>نەجمەدیـن</u>) لەقەب <u>صابری</u>*

لە لەتی دووەمدا جگە لەوەی نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی نوسـیوە، زۆر جوان لە ڕێگەی نازناوەکەی خۆیەوە سـەروای مەسـنەوییەکەی هۆنیوەتەوە و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دایناوە.

٥ ـ دیـاردەیەکی دیـکەش، کە هەسـتی پێدەکەین، پێچەوانەی ئەوانـی پێشووە، ئەویش ئەوەیە لە نزیکەی دە شیعردا (بڕوانە سەرچاوەی ژمـارە: ٨، تێبینی ژمـارە: ٢) هـیچ (نـاو و نازناوێـک)ی خـۆی نەنوسـیوە، ئەگەرچـی

وەکو پێویستییەکی شیعریی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە دەبوایە نازناوی خۆی بنوسیایە.

**دوو: دیاردەی هاوسەروا کردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعر:**

لە شیعری کلاسیکیدا دێڕی یەکەمی غەزەل، هەردوو لەتەکەی هاوسەروان "لە بارەی دێڕی یەکەمەوە، لە غەزەل و قەسیدەدا دەبێ موسەڕەع بێ" (گەردی، ١٩٩٩، ل ٢٥٦) واتە دەبێت دێڕی یەکەم هەردوو لەتەکەی هاوسەروا بن، بەڵام لە دێڕەکانی دواتردا سەروای نیوەی یەکەمیان جیاوازە و نیوەی دووەمیان لەگەڵ دێڕی یەکەمدا هاوسەروایە. کەچی لای صابری ئەم نەریتە شکێنراوە و لە چەندین شیعریدا بۆ نموونە شیعری "ئومێدی دڵ" ((صابری. ٢٠١٦، ل٤٤)و "بووکی دونیا" (صابری. ٢٠١٦، ل ٥٧) و "وەرە جانا" (صابری. ٢٠١٦، ل ١٣٧). لە بری دوو لەتی یەکەم، چوار لەتی یەکەمی شیعرەکان سەرواکانیان یەکن، واتا لەجیاتی دێڕێک دوو دێڕ یاخود زیاتر سەروای هەموو لەتەکانیان وەک یەکە. ئەمەش لای صابری وەکو دیاردەیەکی شێوازی خۆی نواندووە. بەباشی دەزانین ئەم نموونە بخەینە بەرچاو "ڕەحمێکی خودا بێنە دڵ" (صابری. ٢٠١٦، ل١٤٠):

*ڕەحمێکی خودا بێنە دڵ ئەی روحی <u>شیرینم</u>*

*دوا گیانمە فەرموو قەدەمێ بێنە <u>سەرینم</u>*

*دەستێ بخە سەر جەرگ و دڵ و زام و <u>برینم</u>*

*بەو دەستە بلوورینەوە کۆتاکە <u>گرینم</u>*

*بەو ڕوومەتی دەرکەوتنی تۆ جەژنمە قوربان*

*ئەو ڕۆژە کە لێم غائیبی غەم بۆتە قەرینم*

*ئەو ڕۆژە لە چاوم ون ئەبی زەردو زەعیفم*

*هەرچەندە نزیکم ئەکەوی سوور و سەمینم*

**سێ: دیاردەی گۆڕینی دەنگ:**

ئەمەش دیاردەیەکە شاعیر دەنگی وشەکان دەگۆڕێت بێ ئەوەی کار لە واتاکانیان بکات، چونکە لەم دیاردەیەدا "دەبێت وشەکە هەر لەسەر هەمان واتای بنجی بمێنێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت" (شنۆ ئەحمەد غەفور، ٢٠١٥، ل ٩٣) هەروەها گۆڕانکارییەکە فراوان نییە، دەنگێک یان چەند دەنگێک دەگرێتەوە، شاعیر لە بری دەنگە ڕۆیشتووەکە بەزۆری دەنگێک دەهێنێت کە لێی نزیک بێت، بۆ نموونە کاتێک شاعیر لە جێگەی وشەی (دوژمن) وشەی (دوشمن) بەکاردێنێت، تەنیا سێیەم دەنگی نەبزوێنی گۆڕیوە، کە زۆر لەیەکەوە نزیکن. ئەمەش لەپێناو ئەو مەبەستانەدا دەبن کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. بۆ نموونە لەم دێڕەدا (صابری. ٢٠١٦، ل ٢١٥) دەڵێت:

*ئەگەر یارانی ڕابردوو بەخێر بێنیتە یاد ئەمڕۆ*

*بەخێر یادت ئەکەن خەڵکی سبە و دوێکە ڕابوردی*

گۆڕین لە وشەی (سبەینێ)یە بووە بە (سبە)و(دوێنێ)ش بووە بە (دوێکە)، هەردووکیان ئاوەڵکاری کاتین، لە یەکەمیاندا سێ دەنگی لێ قرتێنراوە و لە دووەمیاندا دەنگەکانی (ن، ێ) قرتێنراوە. دیاردەی گۆڕینی دەنگ لە ناواخنی شیعرەکانی صابریدا زۆرە، نموونەیان لەم خشتەیەدا دەخەینەڕوو :

| وشه فەرهەنگییەکە | وشه گۆڕاوەکە | وشه فەرهەنگییەکە | وشه گۆڕاوەکە |
| --- | --- | --- | --- |
| نه | نا | شفا دێ | شفا تێ |
| دوژمن | دوشمن | | |

**چوار: دیاردەی دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازە:**

جاری وا هەیە شاعیر لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا، دوو وشە دەخاتە پاڵ یەک و وشەی نوێیان لێ دروستدەکات، کە لەباری ئاسایی ئاخاوتندا ئەو وشانە ناخرێنە پاڵ یەک و بەو جۆرە بەکارناهێنرێن، واتا وشەی لێکدراوی باو نین، بەڵام شاعیر بەکاریاندەهێنێت، چونکە لەگەڵ هەست و سۆز و بیر و ئەندێشەی شاعیردا دەگونجێن و گوزارشت لە هەست و نەست و پەیامەکەی دەکەن و ئەوەی لە دڵ و دەروونیدایە بەم جۆرە وشانە دەریدەبڕێت، بەبێ پەیوەست بوون بە یاسا ڕێزمانییەکان. بۆ نموونە دەڵێت (صابری. ۲۰۱٦، ل ٤٣):

*ئەما دەرد و غەم و میحنەت لە مەولا شادیە و عوشرەت*

*لە نێو بـــازاڕو شاری دڵ (مبشر) هات و جاڕی دا*

وشەی (شاری دڵ) لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکارنایەت، بەڵام شاعیر ئەو دوو وشـــەیەی خســـتووەتە پـــاڵ یەک و وشـــەیەکی نـــوێی لـــێ دروســـتکردووە کە لە (نـــاو + نـــاو) بە یـــارمەتی ئـــامرازی دانەپـــاڵی (ی) پێکهاتوون.

لە دێڕێکی تردا (صابری. ۲۰۱٦، ل ۱٦۱) دەڵێت:

*صابر لەدەس ئەو شەو دزە دەرچونی مەحالە*

*شەو خانە بڕو تەڕ دەسێ خاوانی چراغە*

(شەو دز) وشەیەکی نوێیە و شاعیر دروستیکردووە.

بێجگە لەم نموونانە شاعیر چەندین وشەی تری لەم جۆرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەک: (سەفینەی دڵ، پاچی تاعەت، بولبولی روح، لیباسی زوهد، فانۆسی دین، عەندەلیبی دڵ، حوجرەی دڵ، ئاگری سینە، بیابانی دڵ، ...)، کە هیچ کامیان بەو جۆرە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارنایەن.

**پێنج: وشە کلیلییەکان:**

وشەی کلیلی ئەو وشانەن، کە زۆرترین جار لەلایەن شاعیرەوە دووبارە دەکرێنەوە. ئەم دووپاتکردنەوەیە لای شاعیر ڕەنگە لە شیعرێکدا یان زیاتر ڕووبدات. بۆیشی هەیە لە شیعرێک یان لە دیوانێک یان لە مەبەستێکدا هاتبێت و لەوانی دیکەدا نەهاتبێت. بە لای شاعیرەوە ئەم وشانە گرنگن و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە لەگەڵ هەست و نەست و سۆزی دڵی شاعیردا گونجاون، لەبەرئەوە بەلایەوە ئاساییە و شیاوە ئەگەر بە شێوەیەکی زیاد بەکارییانبهێنێت.

زۆرجار شیعرەکانی شاعیرێک لە ڕێگەی وشە کلیلییەکانەوە دەناسرێنەوە، چونکە دەبن بە دەروازە و کلیلی شێواز و سیمای شیعرەکانی و مۆرکی تایبەتیی شاعیر. ڕێژەی وشە کلیلییەکان و ئاساییەکان لە چاو یەکتردا جیاوازن، چ لەکاتی ئاخاوتن بێ یا زمانی ئاسایی بێ، کەواتە ئەو وشانە بایەخێکی گرنگیان لە دیاریکردنی شێوازی شیعری شاعیراندا هەیە، هەروەها بنەمایەکە لە جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنیاندا، بۆیە لە کاتی بینین و بیستنی شیعرەکەدا دەزانرێ هی کام شاعیرە و تایبەتە بە کوێ و ڕەسەنایەتی چ ناوچەیەکی پێوەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین مەرج نییە وشە کلیلییەکان بە پاتبوونەوەیەکی زۆر جەختی لەسەر کرابێت یا دووبارەکرابێتەوە، واتە

ئەوانەی ڕێژەیـــان زۆرە بە وشـــەی کلیلـــی دابنـــرێن، بەڵکـــو وشـــە هەیە فریکوانسـی ئەوەنـدەش نییە و کەمە، کەچی بە وشـەی کلیلی دادەنرێت، چـونکە جـێگە و پـێگە و واتـا و تایبەتمەنـدیی خـۆی لە دڵ و دەروونـی شـــاعیردا هەیە و بەشـــێوەیەکی زۆر تـــایبەتیش بەکاریانـــدەهێنێت. بـــۆیە پێـوەرێکی تـایبەتی نییە بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێژەیەکـی دیـاریکراوی بەکارهێنـانی وشـــە بـــۆ ئەوەی بە وشـــەی کلیلـــی دابنرێـت. ڕێـژەی وشـــە کلیلییەکان لای شاعیران جیاوازن، چونکە هەر شاعیرە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها ڕێژەی وشە کلیلییەکان لای خودی شاعیرەکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر بەرز و نزم دەکات و دەگۆڕێت.

لەنـاو وشـە کلیلییەکـانی شـاعیردا وشـەی (دڵ) بە پلەی یەکەم دێت، ژمارەی دووبارەبونەوەی (٣١٧) جارە، لەو بڕوایەداین هەمـوو شـاعیرانی کلاسیک و نوێخوازیش گرنگییان بەم وشـەیە داوە و بەکاریانهێناوە، بەڵام بەکارهێنـانی بەم ڕێـژە زۆرە لای صـابری واتـایەکی گەورە دەبەخشـێت، چونکە هەمیشە دڵی صابر پڕ غەم و ئـازار بووە، هەر بۆیە (٦٥جار)یش وشەی (غەم) و (٥٢ جار)یش وشەی (ئازار)ی بەکارهێناوە. هەر یەک لەم وشانە لە شیعرەکانی صـابریدا وشـەی کلیلین و لە ڕێگەیانەوە هەوڵیداوە ئەو حەسرەت و مەینەتی و ناخۆشیانەی ناو دڵی باس بکات.

بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی صـابری ئـاینین، بەڵام "لەگەڵ ئەوەشـدا هەموو شیعرەکانی بەگشتی دەچنە خانەی وەسف و دڵدارییەوە...، ئەگەر پێویسـتبێ سـیفەتی پسـپۆڕی بـدرێت بەم شـاعیرە دەبێـت بە شـاعیری وەســـف و دڵـــداری دابنرێـــت" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل٣٠٩). واتە "زۆربەی هۆنراوەکـانی سـەبارەت بە جـوانی و ئەویـن و خواناسـی و سـۆفیەتییە" (سـەفی زادە، ٢٠٠٨، ل٧٤٦)، کەواتە مەسـەلەی عەشـق و ئەویـن بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی صـابری داگیرکـردووە، بۆیە بەکارهێنـانی (عەشـق - عاشق) و یار و یاران و دولبەر، یا هەمـوو ئەو مەبەسـتانەی پەیوەندییان بە عەشـقی مەجـازییەوە هەیە بەو ڕێـژە زۆرە لە شـیعرەکاندا، بەسـن بـۆ

سەلماندنی ئەم بۆچوونەی (مارف خەزنەدار)، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەست بە عەشق و دڵداری لە شیعرەکانیدا پاتبوونەوەیان زۆرە و بە ڕێژەیەکی بەرز بەکاریهێناون، وەک لە خشتەکانی دواتردا دەیانخەینەڕوو. یاخود لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا ئاماژە بە داستانە دڵدارییەکان کراوە. هەر لەبەرئەمەیە دەوترێت "زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بە جوانی و ئەوین و خواناسی و سۆفیەتییە" (سەفی زادە، ٢٠٠٨، ل٧٤٦)، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لە دڵدایە هەموو بابەتێکیش لە وێوە دەستپێدەکات، بۆیە شاعیریش (٣١٧جار) دڵی دووبارەکردووەتەوە، هەر لەبەرئەمەشە ناونیشانی (١٩) شیعریشی بە دڵەوە پەیوەستکردووە وشەی دڵی تیایاندا بەکارهێناوە وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

| ژ | ناونیشان | لاپەڕە | ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئومێدی دڵ | 44 | 11 | ڕەحمێکی خودا بێنە دڵ | 140 |
| 2 | دەردی دڵ | 46 | 12 | دەستی بخەرە سەر دڵم | 148 |
| 3 | چاو ودڵ ڕۆشن و شادە، | 88 | 13 | لە هەوری دڵ | 149 |
| 4 | کۆتری دڵ لە ترسی چاوت جێی نەما | 89 | 14 | دڵ | 158 |
| 5 | شیوەنکە ئەی دڵ | 104 | 15 | دڵی تەنگم | 162 |
| 6 | دولبەری سەنگین دڵ | 109 | 16 | زکری دڵ | 171 |
| 7 | سالیک ئەبێ دڵی پاک بێ | 117 | 17 | ئەی دڵ صابر و ڕەزابە | 175 |
| 8 | تەیری دڵم | 125 | 18 | ئەگەر عاشق دڵی زاماری چاو بێ | 212 |
| 9 | بیابانی دڵ | 131 | 19 | بە دڵ تیمارکە | 226 |
| 10 | ولاتی دڵ پەلەی داوە | 133 | | | |

جگە لەمە هەر لە ڕێگەی وشەی (دڵ)ەوە، شاعیر وشەی ئاوێتەی بەکارهێناوە و ئەمەش تایبەتە بە شێوازەکەی، بۆ نموونە وشەی (دڵارام ـ دڵئارام)، کە دووبارەی (١١)جارە.

هەروەها صابری بە دووبارەکردنەوەی (٣٩)جار هەردوو وشەی ( ئارام ـ صبر)ی تۆمار کردووە، کە هەریەک واتایان هەیە و لە غەزەلەکانیدا بە زەقی دیارن و جێگیرکراون، بە شێوەیەک (٣٠) جار (ئارام) و (٩) جار (صبر) هاتووە. دووپاتکردنەوەی ئەم وشەیە بەم ڕێژەیە مانایەکی تایبەتی هەیە و بە وشەیەکی کلیلی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە لەگەڵ هەست و نەست و دڵ و دەروونی شاعیردا زۆر گونجاوە، ئەمەش لە وێوەیە صابری لەو سەردەمەدا بەهۆی جەنگی جیهانی و کاولکاری و داگیرکردنی وڵات، دوورکەوتنەوەی لە شۆڕجەی زێدی خۆی و چوونی بۆ دێلێذە، هەروەها بەهۆی ناهەمواری و گرانی و قاتوقڕی و خەڵکی نەفسنزم و بێخەبەرەوە، تووشی دەردێکی بێ شومار و قورس بووە و ناڵاندوویەتی، بۆیە (٥٦)جاریش وشەی (ناڵین)ی بەکارهێناوە، هەموو ئەمانە ئاگری لە دڵی بەرداوە، لەبەرئەوە ناچار بووە سەبر و ئارام بگرێت بەرانبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی هەبووە، کە دەرحەق بەخۆی و خەڵک ئەنجامدراون. هەر ئەمەش وای کردووە وشەی ( ئارام)ی بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاربهێنێت و بەرجەستەیبکات. ئەمە جگە لەوەی نازناوەکەی، کە (صابری)یە، بەڵگەیە بۆ ئەو خەم و ئازارەی لە کوورەی دڵیدا جۆش دراوە، چونکە یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە نازناوی (صابری) بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ئارامگری بووە بەرانبەر بەو بەڵایانەی کە هەم تووشی خۆی و هەم تووشی وڵات و میللەتەکەی هاتوون، واتە "باشترین نازناوی بۆخۆی هەڵبژاردووە! ناوی صابری، ناوێکە مافی ناوەکەی داوە. دەناڵێنێت بەدەست ئاستەمەکانی سەردەمەوە کەوا هیچ مرۆڤێکی ئارامگر (صابر) ڕووبەڕووی نابێتەوە، لەو تەلەکەبازییەی کە لە ژیاندا هەیە" (البرزنجی، ٢٠١٤، ل٦٨-٦٩)، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە هەمیشە بەرانبەر نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیان خۆڕاگر بووە. دەکرێت بڵێین، هەر لەبەرئەمەشە نازناوەکەی لە شیعرەکانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر و لە ژمارەی شیعرەکانی زیاتر بەکاریهێناوە و بەکارهێنانەکەی گەیشتووەتە (٢٥٢) جار لە کاتێکدا ژمارەی شیعرەکانی (٢٢٩) شیعرە.

وەک پێشــتر وتمــان مەرج نیـیە وشــەی کلیلـی پـاتبوونی زۆر بێـت، چـونکە هەنـدێک وشــە هەن لە شـیعرەکانیدا زۆر دووبـارە نەبـوونەتەوە، بەڵام بە وشەی کلیلی دادەنرێن، چونکە جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لای شـاعیر هەیە. بۆ نمـوونە لای صـابری وشـەی (لەرز) جێگەیەکی گرنـگ و بەرزی هەیە، هەرچەندە ژمارەی دووبارەکردنەوەی تەنیا (٥ جار)ە، بەڵام وشـەکە تایبەتمەنـدییەکی بە شـیعرەکانی بەخشـیوە، چـونکە لە سـەردەمی بەســاڵاچوونی تەمەنیـدا تووشـــی لەرزۆکـــی بـــووە، هەر ئەو نەخۆشـــییە خۆری ژیانی ئاواکردووە و کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

جگە لەمانە صابری کاریگەرییەکی زۆری ئاینی ئیسـلامی بەسـەرەوە بـووە، بـۆیە لە شـیعرەکانیدا گەلێک پەیـام و مەبەسـتی ئـاینی و سـۆفیانە دەبینرێن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین وشەی ئاینی بەکاربهێنێت، کە دەبــن بە کلیلــی کــردنەوە و ناســینی شــیعرەکانی نــاوبراو، وەک لەم خشتەیەدا لە ڕوانگەی شێوازگەریی ئامارییەوە وشـە کلیلییە ئاینییەکان لە شیعرەکانی صابریدا دەردەکەوێت:

| وشەی کلیلی | بەکارهێنان | وشەی کلیلی | بەکارهێنان | وشەی کلیلی | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|---|
| خودا ـ رب/ مەولا ـ ألله | 214 | قورئان ـ مصحف | 16 | ماسیوی ألله | 7 |
| دین | 51 | ئادەم | 13 | نوح | 8 |
| بەهەشت ـ جنە | 21 ـ 24 | زکر | 13 | زەکات | 7 |
| محمد ( د.خ) | 23 | الحمدلله | 11 | عیسی | 6 |
| لوقمانی حەکیم | 23 | دوعا | 11 | موسی | 5 |
| یوسف | 15 | ملائیک | 10 | جەهەنەم | 5 |
| قیامەت | 14 | حۆری | 9 | | |

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، صابری خاوەن فەلسـەفەیەکی ئـاینی بـووە لەســەر ڕێــگەی خــودا و پێغەمــبەرەکەی ڕۆیشــتووە. هەمیشــە دونیــای لا بێقیمەت بووە و پشتی تێکردووە و ڕووی لە قیامەت و بەهەشت کردووە،

شەو و ڕۆژ بە باوەڕێکی پتەوەوە زیکر و یادی خودا و قورئان و ئاینی دەورکردووەتەوە. بەردەوام لەسەر بەڵا و موسیبەتەکان صابر بووە، جگە لە خودا پشتی بە کەسی دیکە نەبەستووە، بۆیە تەنیا داوای لە خودا کردووە و دەستی دوعای بۆ مەولای بەرزکردووەتەوە، هەروەها داوای لە خەڵک کردووە، کە خودا بناسن و ڕێگەی خوا بگرن.

ئەم شیعرە (صابری. ٢٠١٦، ل١٩٨ - ١٩٩) کە نموونەیەکە جگە لەوەی (١١)جار ناوی (خودا)ی تێدا هاتووە، چەندین وشەی کلیلی ئاینیی دیکەی تێدا دەبینرێت:

*ئەی دڵ ئەگەر بە ڕاستی ئیتاعەی خودا ئەکەی*

*موتابەعەی شەریعەت حەزرەت مصطفی ئەکەی*

*فەرزی خوا و سوننەتی حەزرەتی موستەفا بکە*

*تصوریٚ لە داستانی ئادەم و حەوا ئەکەی*

*ئەگەر ئاگر ئەهاویە دڵ و ئەبێتە هاوی یە*

*(وما أدراک ماهیە) بەدەست و پیٚ سەما ئەکەی*

*شەو بە کلیلی زیکرەوە تا بە سەحەر بپاڕەوە*

*گەر تەلەبی خزائنی مەراحیمی خودا ئەکەی*

*سەماوەری دەروونی خۆت بەناری عەشق بێنە جۆش*

*شەکر و چایی حازرە (صابری) گەر مەیلی چا ئەکەی*

*نییەت و حوسنی کردەوە فیکری نیهان و زیکری سرِ*

*وەرنە خودا بە تەپڵ و دەف ناخەلەتێ رییا ئەکەی*

*یادی خودا ئەگەر ببێ مەیلی گوناه کەی ئەکەی*

*دووری لە ئافەت و بەڵا خەڵق وخودا رەزا ئەکەی*

*فیکری خودا دەلیلی تۆ زیکری زوبان کلیلی تۆ*

*رووبکە بابی مەرحەمەت تا هونەرێ پەیا ئەکەی*

*ژەنگ و غوباری قەلب و روو چڵکی لباسی دەست و پا*

*بشۆ بشۆ گەر هەوەسی مەجلیسی پادشا ئەکەی*

*ئەگەر شەوێ (تفرج)ێ بکەی لە سونعی کردگار*

*عەزیزی من لە گورگی خەو میسالی مەڕ هەرا ئەکەی*

خودا نەزەر لە حوسنی نیەت و دڵی بەشەر ئەکا

چاکە نیشانی خەڵک ئەدەی تۆ خراپە ژێر پا ئەکەی

خەشیەت و خەوفی ذو الجلال عەشق و حوبی موستەفا

تا نەچەقی لە سینەکەی موخالەفەی هەوا ئەکەی

تێبگە (عزمن قنع) لادە لە (ذل من طمع)

حاسل ئەکەی رەزای حەق، حەق لە بەتاڵ جودا ئەکەی

عەشقت ئەگەر حەقیقەتە مەنالە گەر شەقیقەتە

وەرنە مەجازو بیدعەتە (صابری) هوی و ها دەکەی

له ئاکامی پشکنین و وردبینیکردنی دیوانی صابریدا دەتوانین وشە کلیلییەکان لە چەند خشتەیەکی جیاواز و جۆراوجۆردا ڕوونبکەینەوە، چونکە هەمەجۆرن و بە شێوەی گرووپ گرووپ خۆیان دەنوێنن، سەرجەمیان بە دیاردە و نیشانەی شێوازی شیعری صابری لە قەڵەم دەدرێن. تەواوی ئەم (١٣) خاڵەی ئاماژەمان پێ کردوون بەپێی شێوازگەریی ئاماری نیشاندراون، کە بەم شێوەیەن:

١. لە بەرهەمەکانی صابریدا چەندین وشەی کلیلی هەن، کە زۆربەیان لای هەموو شاعیرانی کلاسیکی کورد دەبینرێن، بەڵام زۆریی دووبارەبوونەوە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان بووەتە هۆی ئەوەی لە شیعرەکانی صابریدا ببنە وشەی کلیلی، ئەو وشانەش لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو:

| وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە | وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە | وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| چاو(دیدە) | 309 | سەیروتەماشا | 41 | غەمزە | 27 |
| ڕوو(ڕووت) | 100 | نەفس | 40 | قوربان | 26 |
| عاشق | 90 | دەرد | 40 | قمر | 25 |
| دووری | 71 | فەرموو | 38 | عیلم | 25 |
| غەم | 65 | مەست | 34 | تەرک | 25 |
| حوسن | 65 | عەقل (عاقل) | 30 | چەرخی دەوران | 24 |
| دونیا | 56 | عالم | 29 | الغیاث | 23 |
| عومر | 48 | فیراق | 29 | | |

٢. لە شێوازی صابریدا فۆڕمێکی تایبەت بە خۆی دەبینرێت، ئەمەش لەو ڕووەوەی هەندێک وشەی تایبەت لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن، کە لە جێگەی خۆیدا بەکاریهێناون و تایبەتمەندیی لایەنی دەروونی و باری ژیانی پێوە دیارە. ڕەنگە ئەم وشانە لای شاعیرانی کلاسیکی دیکە هەر دەستیشیان بۆ نەبرابێت، یا کەمترین جار بۆی چووبن، بە تایبەتی وشەی

(جالینۆس)، کە ناوی پزیشکێکی کۆنی یۆنانە، لای شاعیرانی دیکەی پێش صابری بە دەگمەن لە شیعرەکانیاندا بەرچاودەکەوێت:

| ژ | وشە | دوبارە | ژ | وشە | دوبارە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ماسیوی الله | 7 جار | 3 | جالینۆس | 5 جار |
| 2 | زشت | 5 جار | 4 | عەندەلیب | 5 جار |

ئەگەر سەیری ئەم نموونە شیعرییانە بکەین، کە ئەو وشانەی سەرەوەیان تێدا بەکارهاتووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەکارهێنانەکەی لەلایەن شاعیرەوە تایبەتمەندییەکی هەیە و شێوازێکی تایبەت بە صابرییە، با تەماشای ئەم سێ دێڕە شیعرە (صابری. ٢٠١٦، ل٦١، ل٨٢، ل١٦٢) بکەین:

*تا گوڵی ڕووی یار لە من غائیبە حاڵی دڵم زارییە وەک عەندەلیب*

*عەندەلیبی دڵ کە چاوی کەوتە غونچەی بامیداد دائما ویردی زوبانی بۆتە ئایەی (أن یکاد)*

*مەحالە عەندەلیبی دڵ بکا تەرکی گوڵی حوسنت چ دەربەستە نیهایەت مەرتەبەی هەر سەر بڕینێکە*

لە هەرسێ دێڕەکەدا دڵی خۆی وەک عەندەلیب بینیوە، کە هەمیشە خەریکی ناڵە و فوغانە، لێرەدا بەکارهێنانی عەندەلیب بۆ دڵ لە چەند شوێنێکی جیاوازدا بەو جۆرە، دەبێتە شێوازی ئەو و تایبەتە بە صابری و وشەی عەندەلیبیش دەبێتە وشەیەکی کلیلی. یان لەم دێڕانەدا وشەی (ما سوی) دەبێتە وشەی کلیلی و تایبەتە بە شێوازی صابری، چونکە لە هەموو نموونەکاندا (ما سوی) بەرانبەر بە (خوا) هاتووە و بۆ چەسپاندنی

خوا له دڵدا، دەبێت (ما سوی) واز لێبهێنرێت، ئەمەش دیاردەیەکی تایبەتە بە صابری و تەنها لای ئەم ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییە لە نێوان (ما سوی) و (الله)دا دروستکراوە، وەک لەم دێڕە شیعرانەیدا (صابری. ٢٠١٦، ل١٧٢، ل١٣٤، ل٨٨، ل٢١٠) دەردەکەوێت:

*تا دەروونی دڵ لە نەقشی (ماسیوی) خاڵی نەکەی*

*نەقشی (الله) لەو دڵە جێ ناگرێ ئەی جاهیدە*

*بە پاچی زیکر و خاری (ماسوی ألله)*

*بڕژاو وشک و سوتا شوبهی زوخاڵ*

*بە حەملەی عەشقی جانان ( ماسوی ألله)*

*لە شاری دڵ نەما (لاریب دیار)*

*عەشقی یار و حوبی دونیا هەردوو (ضد) ی یەکترن*

*گەر دلارامت دەوێ با ماسیوا بێگانە بێ*

لە کەلەپوور و شیعری کلاسیکیشدا لوقمان چارەسەری دەرد و نەخۆشی دەکات، بەڵام صابری لەگەڵ لوقمان جالینۆسیش بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیی شێوازی صابری و (جالینۆس) دەبێتە وشەی کلیلی وەک لەم دوو دێڕەدا (صابری. ٢٠١٦، ل١٢٢، ل٧٠) هاتووە:

*(طب)ی جالینۆس و لوقمان و ئەرەستۆ موشکلە*

*تێبگەن لەم عیللەتە یاخود لە دەرمان ئەی درێغ*

*لــــــوقمان و جالینۆسی چی ژنگار و مالینۆسی چی*

*بێ سوودە حەب و شەربەت و مەعجون و دەرمان ـ*

*الغیاث ـ*

٣ـ گرنگیدانی صابری بە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان و ئەوانەی پەیوەندیدارن بە میوزیکەوە بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دەبینرێن. ناوهێنانی ئەم ئامێرانەی موزیک، بەڵگەی بەئاگایی شاعیر نیشاندەدەن و گرنگی مۆسیقاش لای شاعیر بەر جەستە دەکات و بە وشەی کلیلی و شێوازی شیعری صابری دادەنرێن، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە | وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە | وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەقس و سەما ـ هەڵپەڕین | 11 | ئاواز | 6 | عود | 4 |
| حەیران | 10 | نای | 6 | تەرەب | 3 |
| موتریب | 10 | چەنگ | 5 | شمشاڵ | 2 |
| بەزم | 9 | مقام | 5 | تەپڵ | 2 |
| دەف | 7 | سەدا | 5 | ڕەباب | 2 |

٤ـ لە شیعری صابریدا دیاردەی بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەست بە هەستی چەشتن (تامکردن) بەزەقی دیارە، ئەوەتا، وشەی خۆش (تام) بە فریکوانسی (٤٠) جار، هەستی شیرینی (٢٧) جار، وشەی شەکر (٢١) جار، لەزەت (١٤) جار، قەند (٧) جار، تاڵی (٦) جار، ترشی (٦) جار بەکارهاتوون. ئەمەش لەوێوەیە زۆربەی شتەکان لای صابری تاڵ و ترشە و پڕ حەسرەت و غەم و ئازارە، بۆ ئەوەی ئەو تاڵی و مەینەتییەی

نەمێنێت پێویستە شیرینییەکی بەسەردا بکرێت و هەموو شتێکی لاخۆش و شەکر بێت، بۆیە هەمیشە لە شیعرەکانیدا داوای شیرینی و چارەسەر دەکات، ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبدا هەیە و بە تێکەڵکردنی هەستەکان دەناسرێت. ئەوەتا لەبەر تاڵی و دەردی فیراق و بێقەراری داوای ئەو جۆرە شیرینیە دەکات و دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦،ل٢١٤)

خودایە تۆ دەمی (صابر) شیرین کە هەموو عومرم بە زایع چوو بەتاڵی

جگە لەو وشانەی خرانەڕوو، زۆر وشەی تری تایبەت بە هەستی چەشتنی لە جێی شیرینی بەکارهێناوە، وەکو (عیناب، هەنگوین، حەلوا... هتد) هەریەکەیان بە وشەی کلیلی شێوازی صابری جێگیر کراون. بۆ نموونە دەڵێت: (صابری. ٢٠١٦، ل٦٣)

عاشق و غەمبارم و چاوت شەراب خەستە و تادارم و لێوت ـ عناب ـ

٥ـ بە دووپاتکردنەوەی وشەکانی ڕاز (٨) جار، نهێنی (٥) جار، سیڕ (٥) جار، کە بە هەرسێکیان دەکاتە (١٨) و لە دەوری یەک چەمک دەسوڕێنەوە، بەمە پێمان دەڵێت لە جیهانێکی نادیار و شاراوەی فەلسەفەی سۆفیگەرێتیدا تواوەتەوە، هەروەها لە ڕاز و نیازی تەنیایی و بیرکردنەوەی عەشقی (حەقیقیی- ئاسمانی- خواوەندی) بەردەوام بووە، ئەم وشانە وەکو دیاردەیەکی شێوازی صابری خۆیان نواندووە.

٦ـ بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە و ئاوەڵناوی پەیوەست بە زام و ئازار و برین، کە دەبنە وشەی کلیلی و دەرخەری ئەوەن وێستگەکانی ژیانی شاعیر لێوڕێژ بوونە لە ئازار و ناخۆشی و ویستوویەتی ئارام و خۆڕاگر بێت بەرانبەریان، وەک لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو:

| ژ | ئاوەڵناو | دووبارە | ژ | ئاوەڵناو/ وشە | دووبارە | ژ | ئاوەڵناو/وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زام ـ برین ـ زامار | 71 | 12 | مەرگ ( مردن) | 26 | 23 | بێ باک | 8 |
| 2 | غەم | 65 | 13 | هاوار | 22 | 24 | ئەسیر | 7 |
| 3 | ناڵین | 56 | 14 | ئاخ ـ ئۆف ـ ئاە | 21 | 25 | هیجران | 7 |
| 4 | ئازار | 52 | 15 | نەهات | 19 | 26 | وەران ـ وەرین | 7 |
| 5 | گریان | 41 | 16 | چاوەڕێ | 15 | 27 | غەریب | 7 |
| 6 | سوتان | 40 | 17 | بێزار | 13 | 28 | بێ خەبەر | 6 |
| 7 | ئارام ـ صبر | 39 | 18 | ئەشک | 13 | 29 | هیلاک | 6 |
| 8 | بیمار ـ نەخۆش | 37 | 19 | گێژ | 9 | 30 | دێوانە | 6 |
| 9 | دریغ ـ مخابن | 35 | 20 | بێ ئارام ـ بێ صبر | 8 | 31 | پەشیمان | 5 |
| 10 | پەرێشان | 29 | 21 | بێ چارە | 8 | 32 | زشت ـ ناشرین | 5 |
| 11 | شین ـ شیوەن | 26 | 22 | | | | | |

٧ـ خۆشەویستیی و یار بەشێکی سەرەکیی دنیای شاعیریان پێکهێناوە، بۆیە بە فریکوانسییەکی بەرز وشەی پەیوەندیدار بە یار و خۆشەویستیی بەکارهێناوە و دەبنە وشەی کلیلی، ئەمە جگە لە ئاماژەکردن بە ناوی کەسانی ناو داستانە گەورەکانی دڵداری ... وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

| ژ | وشە | دووبارە | ژ | وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یار | 137 | 6 | حەبیب | 14 |
| 2 | عەشق ـ عاشق | 90 | 7 | لەیلا | 11 |
| 3 | دولبەر | 35 | 8 | دڵدار | 7 |
| 4 | مەجنون | 26 | 9 | شیرین | 6 |
| 5 | فەرهاد | 15 | | | |

٨ـ بەکارهێنانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە وشە و ئاوەڵکاری پەیوەست بە کاتەوە، ئەمە گرنگی کات لای صابری دەردەخات و دەبنە وشەی کلیلی لە شیعرەکانیدا، لە وشەکانی پەیوەست بە کاتیشەوە وشەی شەو بە پاتبوونەوەیەکی زۆر بەرز بەکارهێنراوە، ئەمەش واتا و دەلالەتی خۆی هەیە و پەیوەستە بەوەی شاعیر کەسێکی بێدار بووە، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| وشە | دووبارە | وشە | دووبارە | وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەو ـ لەیل | 131 | زوو | 16 | هەمیشە | 8 |
| ڕۆژ | 94 | قط ـ هەرگیز | 16 | وەخت ـ کات | 8 |
| دائیمە | 30 | زەمانە | 13 | ئێستا ـ ئەمێستا | 7 |
| ڕۆژ و شەو | 29 | دەمێ ـ کاتێ | 11 | ئەمڕۆ | 7 |
| یەک ـ یەک جار | 22 | بەیانی | 10 | پار | 6 |
| جار جارێ | 18 | سبەی | 9 | | |

٩ـ بەکارهێنانی وشەی تایبەت بە مرۆڤ و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە ڕێژەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە وشەی کلیلی لە شیعرەکانی صابریدا، بەتایبەتی وشەی دڵ بە دووبارەیەکی زۆر بەرز بەکارهاتووە، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە شاعیر گرنگییەکی زۆری پێداوە، چونکە هەم زیکری خوای تیا دەکرێت، هەم لانەی خۆشەویستی و دڵدارییە، هەمیش لانەی خەمە، هەموو ئەمانە لە دڵدا کۆبوونەتەوە، وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

| وشە | دووبارە | وشە | دووبارە | وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|---|---|
| دڵ | 317 | جگەر(جەرگ | 34 | خۆی | 17 |
| چاو ( دیدە) | 309 | زوڵف - قژ - پرچ | 31 | خۆ | 15 |
| ڕووح - جان - گیان | 183 | پێ - پا - قاچ - قەدەم | 29 | ڕیش | 14 |
| دەست | 90 | خۆت | 25 | دەروون | 11 |
| سەر - مێشک | 68 | ڕوومەت | 21 | زووبان | 10 |
| دەم - زار | 48 | سینە | 21 | باڵا | 7 |
| برۆ - ئەبرۆ | 40 | خۆم | 19 | | |

١٠ـ بەکارهێنانی ناوی هەر چوار وەرزەکەی ساڵ لە شیعرەکانیدا، بەجۆرێک بەهار بە پلەی یەکەم هاتووە و هەریەک لە زستان و پایز بە پلەی دووەم و سێیەم هاتوون، هاوینیش بە پلەی چوارەم تەنیا دوو جار بەکارهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر وەرزی بەهاری لە هەموو وەرزەکان بەلاوە پەسەندتر بووە، حەزیشی لە وەرزی هاوین نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ناوچەکەی شاعیر، کە لە هاویندا زۆر گەرم و وشکە و بێزارکەرە، هەر بۆیە لە شیعرەکانیدا کەم ئاوڕی لێ داوەتەوە:

| وشە | دووبارە | وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|
| بەهار | 6 | پایز | 5 |
| زمستان ( زستان) | 5 | هاوین (تاوسان) | 2 |

١١ـ شاعیر زۆر حەزی لە گەشت و گەڕان بووە و زۆربەی ژیانی لە ناو سروشتی جوانی کوردستاندا گوزەراندووە لەبەرئەوەی "مرۆڤێکی گەشتیار و گەڕۆک بووە" (لەتیف فاتیح فەرەج، ٢٠٠٩، ل١١١.)، لەم هاموشۆیەدا چەندین گوڵ و باخ و باخاتی سروشتی جوانی کوردستانی بینیوە، جیا لەمەش گوندی شۆڕیجەی مەڵبەندی پڕ بووە لە گوڵ و گوڵزار

و نەمامی تازە و تەڕ، بۆیە وشەی وەکو ( گوڵ، گوڵزار، گولاب(گولاو)، شەونم، وەنەوشە، گوڵەباخ، نەمام، باخ و باخچە،... هتد) شیعرەکانی ڕازاوەتر کردووە، تەنانەت وشەی (گوڵ)ی بە دووبارەی (٤٧)جار و گوڵزار (٣٧) جار بەکارهێناوە. لەم خشتەیەشدا هەموو ئەو وشانەی پەیوەندییان بە باخ و گوڵ و گوڵزارەوەیە خستوومانەتە بەرچاو:

| وشەی گوڵ و گوڵزار | دووبارەبوونەوە | وشەی گوڵ و گوڵزار | دووبارەکردنەوە |
| --- | --- | --- | --- |
| گوڵ | 47 | گولاب ( گولاو) | 7 |
| گوڵزار | 37 | نەمام | 7 |
| باغ ( باخ) | 20 | شەونم | 7 |
| ( باخچە) | 13 | کەتان | 7 |
| غونچە | 9 | عەر عەر | 6 |

١٢ ـ بەکارهێنانی جێناوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، لە هەمووشیان زیاتر بەکارهێنانی جێناوی تۆ، ئەوە دەگەیەنێت شاعیر کەسەکەی بەرانبەر (یار،-خوا،-دۆست)ی زۆر بەلاوە گرنگ بووە، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| وشە | دووبارە | وشە | دووبارە |
| --- | --- | --- | --- |
| تۆ | 209 | کەسی ـ هەرکەسی | 77 |
| من | 93 | ئێمە | 20 |
| ئەو | 84 | | |

١٣ ـ بەکارهێنانی وشە و ئامرازەکانی پەیوەست بە پرسیارکردن بە ڕێژەیەکی بەرچاو، نیشانەی ئەوەیە شاعیر بەدوای زانست و زانیاریدا گەڕاوە و لە هەوڵی تێگەیشتندا بووە لە مرۆڤ و دنیا و دیاردەکان، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| وشە | دووبارە | وشە | دووبارە |
|---|---|---|---|
| چ – چی | 56 | کێ | 19 |
| چییە | 24 | چۆن | 12 |
| کەی | 22 | لەکوێ | 7 |

**ئەنجامەکان:**

١. یەکێک لەو دیاردانەی تایبەتە بە شیعری صابری بریتییە لە دووبارەکردنەوەی نازناوەکەی بۆ زیاتر لە جارێک لە شیعرێکدا، کە ڕێژەکەی گەیشتووەتە (٢٥٢ جار) لە کاتێکدا تەواوی شیعرەکانی (٢٢٩) شیعرن. کەواتە نازناوەکەی لە ژمارەی شیعرەکانی زیاتر بەکارهاتووە.

٢. یەکێکی تر لەو دیاردانەی لە شیعری صابریدا دەبینرێت هاوسەرواکردنی چەند لەتێکی سەرەتای شیعرە، کە ئەمە هەم دەرچوونە لەو ڕێسایەی شیعری کلاسیکی، کە تەنها دوو لەتی یەکەم دێڕە شیعر هاوسەروا (مصرع) دەکرێن، هەم ئەمە زۆر بە کەمی لای شاعیرانی تری کلاسیک بەرچاو دەکەوێت.

٣. شاعیر لە دوتوێی شیعرەکانیدا لە ڕێگەی پڕۆسەی لێکدانی وشەوە کۆمەڵێک وشەی نوێی دروستکردووە، یان بەکارهێناوە و بوون بە لایەنێکی شێوازی صابری.

٤. گۆڕینی دەنگ و دروستکردنی وشەی لێکدراوی تازە یا نویێ، دوو دیاردەی ترن کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی صابریدا دەبینرێن.

٥. لە شیعری صابریدا ژمارەیەکی زۆر وشەی کلیلی هەن، وشە کلیلییەکانیش زیاتر بە شێوەی گروپ دەردەکەون، چونکە هەمە جۆرن، سەرجەمیشیان بە دیاردە و سیمای شیعری شاعیر دادەنرێن، بۆ نموونە گروپی ئامێرە مۆسیقییەکان، ئەندامانی لەشی مرۆڤ، هەستەکانی مرۆڤ، ڕاز و نهێنی، خۆشەویستی و یار، وەرزەکان، گوڵ و گوڵشەن، ئاوەڵناوەکان و وشەی خەماوی و بەئازار، ئاوەڵکارەکان، جێناوەکان، ئامرازەکانی پرس، ژمارە.

## پەراوێز:

(١) لەبەرئەوەی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر شێواز نوسراون و لە هەموویاندا بە دوور و درێژی باسی شێواز و سەرهەڵدانی شێواز و قوتابخانە شێوازگەرییەکان کراوە، بۆیە بەپێویستمان نەزانی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی تیۆرییەوە دیسان هەمان ئەو بابەتانە دووبارەبکەینەوە و بە دوور و درێژی لێیان بدوێین.

(٢) (ئومیدی دڵ، ل٤٤)، (خودایە چ خۆشە، ل٤٥)، (دەردی دڵ، ل٤٦)، (خۆت بناسە، ل٥٣)، (چاوی یار، ل٥٦)، (تۆران و جنێودانی بەپیلان، ل٦٦)، (نیگارا مەست و بیمارم، ل٦٧)، (بۆ خودا، ل٦٨)، (شەوقی جەمالی، ل٧٠)، (هاوار، ل٧١)، (بەقەسدی کوشتنم، ل٧٨)، (پەشیمانی، ل٨١)، (نامورادی، ل٨٢)، (یاری لەزیز،

ل٨٤)، (دولبەری عیشوە فرۆش، ل٨٥)، (کۆتری دڵ لەترسی چاوت جێی نەما، ل٨٩)، (هاوار لەدوای نەفسی پیس، ل٩٢)، (مەرحەمەت کە یەک نەفەس، ل١٠١)، (ئەی تەبیبی مەسیح ئاسا، ل١٠٢)، (شیوەنکە ئەی دڵ، ل١٠٤)، (ئەی شاە تەماشاکە، ل١٠٥)، (بۆیە کەس ڕزگاری نابێ لە زوڵفت، ل١١٢)، (غواص، ل١١٣)، (ساڵێک ئەبێ دڵی پاک بێ، ل١١٧)، (کوا موسوڵمانێ بزانێ چارەم، ل١٢٦)، (بیابانی دڵ، ل١٣١)، (خودا هاوارە، ل١٤٥)، (بەیانیانێ وتم ئەی نازەنین، ل١٥١)، (دڵ، ل١٥٨)، (چاوت، ل١٦٤)، (عاشقی فرمێسکی سوور، ل١٧٢)، (مەوسمی گوڵ، ل١٧٧)، (دەردی عەشقت ئەی پەری، ل١٧٩)، (خواناسین، ل١٩٨)، (صابری کەی شا ئەبێ ڕۆژێ، ل٢٠٨)، (ئەگەر عاشق دڵی زاماری چاو بێ، ل٢١٢)، (ئەی میری بەر سێبەر، ل٢١٥)، (ساڵی ١٣٣٧ ک، ل٢٣١).

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


- ئاکۆ فاتیح، فەرهەنگی ئاسان، بێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ، چاپی پێنجەم، ٢٠٠٤.

- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا (د.)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

- پیتەر هالبیرگ و دانەرانی تر، ئا- و: ئەنوەر قادر محەمەد، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی،٢٠١٠.

- سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

- سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، چاپی چوارەم، بڵاوکراوەی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٢.

ـ شنۆ ئەحمەد غەفور، بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی صابریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥.

ـ شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

ـ صابری. دیوانی صابری، بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەیی سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦.

ـ عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروشت، تەهران، ساڵی (١٣٨٨ / ٢٠٠٩).

ـ عەزیز گەردی، سەروا، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

ـ لەتیف فاتیح فەرەج، صابری لە دوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، کەرکوک، ٢٠٠٩.

ـ محەمەدی خاڵ(شێخ)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٨٧.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بەرگی سێیەم ـ ، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

ـ مارف خەزنەدار (د.)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

ــ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، بەڕێوەبەریێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- بيرجيرو، الأسلوب والأسلوبية، ت: د. منذر عياشي، مركز الانماء القومي، بيروت – لبنان، ١٩٩٤.

- رابح بن خوية(د.)، مقدمة في الأسلوبية، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، اربد – الأردن، ٢٠١٣.

- عبدالجبار شيخ عبدالرحمن البرزنجى، سيرة مشايخ شورجة، مطبعة اسيا، الطبعة الاولى، كركوك، ٢٠١٤.

- مسعود بودوخة، الأسلوبية وخصائص اللغة الشعرية، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، اربد – الأردن ،٢٠١١.

- منذر عياشي(د.)، الأسلوبية وتحليل الخطاب، مركز الانماء الحضاري، دارالمحبة، دمشق، ٢٠٠٩.

ڕۆژنامە:

- م. نوری، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٠)، سلێمانی، ١١/٤ تشرينى الثانى/١٩٢٦، ل٢.

**ملخص:**

عنوان البحث هو (بعض المظاهر الأسلوبية في أشعار صابري). صابري هو أحد الشعراء الكورد الذين تدخل أشعارهم ضمن نطاق الشعر الكلاسيكي الكوردي، لكن نجد في أشعاره بعض المظاهر الملفتة مثل الخروج من دستور وقوانين الشعر الكلاسيكي الكوردي، في هذا البحث عملنا على إيجاد و إظهار هذه المظاهر، وقد تبينا أن هذه المظاهر صاروا من خصوصيات أشعار الصابري و وهم اسلوب خاص به و ويميزونه عن باقى الشعراء. يتكون البحث من مقدمة و مدخل و وبعض رؤوس أقلام مرتبطة بالمظاهر الأسلوبية لأشعار صابري، مع النتائج و قائمة المصادر.

**Abctract:**

The title of this research is (Some interesting phenomena styles in Sabry's poems). Sabry is one of the poets who is considered to be classic, but in his poems some situations can be seen which are out of the classic rules for poems. This research deals with finding and presenting those situations. These phenomena became the specifications of Sabry's poems. His style in writing poems differentiates him with others. The research includes introduction, abstract and some topics regarding Sabry's poems with results and refrences.